هەرکەسێک زامنی ئەوەم بۆ بکات کە داوای هیچ شتێک لە خەڵکی نەکات؛ ئەوا منیش زامنی چوونە بەهەشتی پێدەدەم؟

لە سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک زامنی ئەوەم بۆ بکات کە داوای هیچ شتێک لە خەڵکی نەکات؛ ئەوا منیش زامنی چوونە بەهەشتی پێدەدەم؟».
(سەوبان) دەڵێت: ووتم: من. بۆیە داوای هیچ شتێکی لە خەڵکی نەدەکرد.
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هەرکەسێک پابەند بێت وپەیمان بدات بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەوەی پرسیار لە خەڵکی نەکات ئینجا هەر جۆرێک لە داواکردن بێت وەکو داوای پارە وهەر جۆرە یارمەتیەکی کەم وزۆر، ئەوا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زامنی چوونە بەهەشتی بۆ ئەو کەسە کردووە؛ چونکە وازی لە داواکردن لە خەڵکی هێناوە، وپشتی بە خوای گەورە بەستووە وتەوەکولی لەسەر ئەو زاتە مەزنەیە ئەمیش نیشانەی بەهێزی متمانە وهیوایەتی بە خوای گەورە، بۆیە پاداشتی ئەم کەسە ئەوە دەبێت خوای گەورە بیکاتە بەهەشتەوە، پاش ئەوەی سەوبان -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم فەرموودەیەی بیست، پەیمانی دا بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە داوای هیچ شتێک لە خەڵکی نەکات، هەتاوەکو لە گێڕانەیەکدا هاتووە: (ئەگەر لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی بووایە وقامچیەکەی دەستی بکەوتایەتە سەر زەوی ئەوا داوای لە هیچ یەکێک نەدەکرد کە قامچیەکەی پێبدات بەڵکو خۆی دادەبەزی وهەڵیدەگرت) -[رواه ابن ماجه]، ئەمیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیمانەی لەسەر خۆی و بە پێغەمبەری دا بوو -صلى الله عليه وسلم.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4189